لەم ژمارەیەدا

ل٣ ئەرك‌و خواستەكانی ئەم قۆناغە لیستە براوەكان لەمەحەك دەدات

ل٤ ئاوارە بێ وەڵامەكان چۆن لەچارەنووسی خۆیان دەڕوانن

ل٥ كۆتایی شارستانیەت یان دووڕیانی سەرەتا؟

ل٦ ژن، لەیەكەم ڕۆژەوە نەویستراوە

گرۆژەل

ROJI GEL

هەفتەنامەیەكی سیاسی ڕۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاری كوردستان دەری دەكات

ژمارە (١٣٨) یەكشەممە ٢٠٠٥/١٢/٢٥

دەنگی لیستەكانی كوردستان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق

لیستی هاوپەیمانی كوردستان: ٢٢٠٩٩٨١ دەنگ
یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان: ١٤٣٥٨٦ دەنگ
بەرەی توركمانی عێراق: ٧٦٤٣٤ دەنگ
بزووتنەوەی یەزیدی لەپێناو ریفۆرمو پێشكەوتن: ١٩١٣٥ دەنگ
بزووتنەوەی ئیسلامی لەكوردستان: ١١٩٨٤ دەنگ
پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان: ٢٤٣٦ دەنگ
پارتی كاری دیموكراتی كوردستان: ٢٣٣١ دەنگ
پارتی پارێزگارانی دیموكراتی كوردستان: ١٩١٠ دەنگ
پارتی كاری سەربەخۆیی كوردستان: ١٠٦١ دەنگ
پارتی پارێزگارانی كوردستان: ٤٣١ (ئەم پارتە خۆی لەهەڵبژارن كێشابۆوە).

عەلی بیراند: كورد بەرەو بە دەوڵەتبوون دەڕۆن و كەسیش ناتوانێ ڕێگەیان لێبگرێ

محەمەد عەلی بیراند نووسەری ناوداری تورك، ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢١ لەنووسینێكیدا كە لەڕۆژنامەی میللییەت بڵاوكراوەتەوە، لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ڕاوەستاوەو بە درێژی باسی چۆنیەتی هەڵبژاران‌و بەشداربوونی ڕێژەی دەنگدەرانی كوردستانی كردووە. بیراند پەنجەی خستۆتە سەر ڕاستییەكانی مێژوویی كوردستان‌و ناوچەكە، نووسیوویەتی: ئەمڕۆ كوردستان لەسەربەخۆیی نزیك بۆتەوە. كورد لەعێراق بۆ مێژووی بە دەوڵەتبوون بە خەستی بەشدارییان لەهەڵبژاردندا كرد، ئەوان زوو یا درەنگ بە سەربەخۆییدەگەن. ئارمانجی كوردان سەربەخۆییە، ئەگەر ئەمڕۆ سەربەخۆیی خۆیان راناگەیەنن هۆكارەكەی بۆ ڕەوشی نەگونجاوی هەرێمی‌و جیهانی دەگەڕێتەوە. هەروەها درێژە بە وتارەكەی دەدات‌و دەنووسێ: كورد لەسەر ڕێگەی بەدەوڵەتبوونن‌و كەسیش ناتوانێ ڕێگەیان لێبگرێ. پێویستە هەموو ئەو ڕاستییە ببینن‌و بزانن كە سەربەخۆیی كوردان لەدژی بەرژەوەندی تورکان دانییە. لەبەر ئەوە من هەرگیز لەبەرەو پێشچوونەی كوردان نیگەران نیم.

شایانی باسە محەمەد عەلی بیراند نووسەرێكی ناوداری وڵاتی تورکیایە، سیاسەتمەدارو دەستەڵاتدارانی تورك پێوانە بۆ ڕاو بۆچوونەكانی دەكەن. لەزۆر گۆڕانكاری‌و پێشهاتدا پرسی پێدەكەن. ئەو خۆی بە نووسەرێكی واقیعیبین دادەنێ هاوسۆزی لەگەڵ كێشەی گەلی كوردستاندا دەكات، چەندین جار بە نووسین داوای لەفەرمانڕەوایانی ئەنقەرە كردووە كە ڕەوشی كوردستان‌و ناوچەكەو جیهان لەبەرچاوبگرن‌و دژایەتی پێشكەوتنی دۆزی گەلی كوردستان نەكەن، چونكە پێویایە نەتەوەی كورد وەك نەتەوەكانی دیكەی جیهان مافی خۆیەتی بە ئازادی‌و سەربەخۆیی لەنیشتیمانەكەی خۆیدا بژی.

بەهەوڵی چاك، فرانس ئەنرات ١٥ ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە

ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٣ دادگای هۆڵەندی دوا بڕیاری لەسەر دۆزی ئەنرات داو لەسەر داوای پارێزەری ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن‌و جینۆسایدی گەلی كورد (چاك)، فرانس ڤان ئەنرات گەورە بازرگانی وڵاتی هۆڵەندا كە ڕاستەوخۆ چەكی كیمیاوی بە ڕژێمی سەدام حوسێن فرۆشتبوو، سزای ١٥ ساڵ زیندانیكردنی بۆ بڕایەوە. ڕژێمی سەدام بەو چەكە كیمیاویانەی كە لەكۆمپانیای وڵاتانی ئەوروپا، یەك لەوانەكۆمپانیای فرانس ڤان ئەنراتی كڕیبوو، شاری هەڵەبجەو شوێنەكانی دیكەی باشووری كوردستانی پێ كیمیاباران كردبوو. هەزاران كوردی لاشەڕو سڤیل بەو هۆیەوە گیانیان لەدەست دابوو. هەروەها سوپای عێراق لەشەڕی هەشت ساڵەیدا دژ بە كۆماری ئیسلامی ئێران چەندین جار سوودی لەچەكی كیمیاوی وەرگرتبوو، شارەكانی ڕۆژهەلاتی كوردستانی پێ كیمیاباران كردبوو. بەم شێوەیە تاوانی جینۆسایدكردنی گەلی كوردستان بە فەرمی دانی پیانراو لەدادگەی لاهادا سەلمێنرا كە ڕژێمی سەدام چەكی كیمیاوی دژ بە كورد بە كارهێناوەو شەڕی جینۆسایدی دژ بە كوردان بەڕێوەبردووە.

ئەوەی شایانی باسە ناوەندی چاك بە هاوكاری لەگەڵ دەیان ناوەند و ڕێكخراوی ڕۆشنبیری‌و فەرهەنگی كورد لەهەندەران، خۆیان بۆ دوایین بڕیاری دادگەیان ئامادەكردبوو، بەسەدان كورد بە جلی كوردییەوە لەبەردەم دادگە چاوەڕوانبوون‌و ئاڵای كوردستانیان بەرزكردبۆوە. دوای خوێندنەوەی بڕیاری دادگە سەبارەت بە سزادانی فرانس ڤان ئەنرات، كوردانی ئامادەبوو لەبەردەم دادگەدا شایی‌و هەڵپەڕكێیان سازكردو شیرینییان دابەشكرد. هەربەو بۆنەیەوە (ئەمیر قادر) بەڕپرسی ناوەندی چاك لەهۆڵەندا وتەیەكی پێشكەش بە ئامادەبووان كردو سوپاسی ئەو كەسانەشی كرد كە لەبەرەوپێشەوەچوونی ئەو دادگەیە هاوكاریان كردووەو لەو ڕۆژەدا هاتوونەو چاوەڕوانی دوایین بڕیاری دادگەیان كردووە.

بەرلەمانتارێكی فەرەنسا : ئەگەر تورکیا ببێتە ئەندام، فەرەنسا لەیەكێتی ئەوروپا دەكشێتەوە

بە گوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەی میللەتی تورکی، (لاماسۆخ) پەرلەمانتاری فەرەنسی‌و ئەندامی پەرلەمانی یەكێتی ئەوروپا لە لێدوانێكیدا بۆ ڕۆژنامەی لیبراسیۆنی فەرەنسی رایكەیاندووە، یەكێتیئەوروپا لەناو كێشەیەكی كوێرانەدایە، ئەگەر دەوڵەتی تورکیا ببێتە ئەندام لەیەكێتی ئەوروپا، فەرەنسا لەو یەكێتییە دەكشێتەوە. لەدوای ڕەتكردنەوەی دەستووری یەكێتی ئەوروپا لەلایەن فەرەنساو هۆڵەندەوە، لەناو یەكێتیئەوروپادا كێشەی بودجە هاتۆتە ئاراوە. یەكێتی ئەوروپا بەبێ ئەوەی بڕوانێتە سنوورەكانی خۆی‌و دیاریكردنی ئەو سنوورانەی كە لەبەرژەوەندی ئەوروپادایە، بڕیاری گفتۆگۆكردنی لەگەڵ تورکیاداوە تا لەیەكێتی ئەوروپا وەربگیرێت. ناوبراو درێژەوەی بەقسەكانی خۆی داوەو گوتویەتی: ئەگەر تورکیا بە ئەندام لەیەكێتی ئەوروپا وەربگیرێت، فەرەنسا ناچار دەبێ لەو یەكێتییە یكشێتەوە. چونكە فراوانكردنی یەكێتی ئەوروپا تەنیا ئەوەنییە وەكو بەرژەوەندی ژیۆپۆلەتیك سەیر بكرێ‌و تەنیا لەلایەن سەرۆك وەزیران‌و سەرۆكانی وڵاتانی ئەوروپاوە بڕیاری لەسەر بدرێ. چونكە ئێستا لەدەستووری هەمیشەیی فەرەنسا جێگیر كراوە ئەو دەوڵەتەی كە بیەوێ ببێتە ئەندام لەیەكێتی ئەوروپا، دەبێ بخرێتەوە ڕیفراندۆمەوە. ئەمەش كاریگەری نەرێنی لەسەر بەئەندام بوونی تورکیاو مەكەدۆنیا دەبێ‌و باوەڕ ناكرێ ئەندامێتیان لەیەكێتی ئەوروپا ببێتە ڕاستی‌و ئەو خەونەیان بێتە دی.

ڕۆژەو

لەوانەیە هیچ حكومەتێك بە وێنەی حكومەتی ئێستای بەغداد كەم بایەخانە لەداواكانی جەماوەر نەڕوانێ. ئەم كابینەیەی ئیبراهیم جەعفەری یا سەری لەهونەری بەڕیوەبردن دەرناچێ، یا بە ئەنقەست كۆمەڵگە بەرەو نەهامەتی‌و بارگرانی زیاتر دەبات. لەسەروبەندی هەڵبژاردندا هەموو لیستەكان مژدەی بە بەهەشت كردنی عێراقیان بە جەماوەر دەداو لەخەڵك دەپاڕانەوە كە دەنگیان بۆ بدەن‌و هەڵیانبژێرن، بەڵام كاتێ وڵاتیان دەنگی خۆیان خستە ناو سندوقەكانەوە، ئیدی فەرمانڕەوایان باكیان بە جەماوەر نەماو لەیەكم هەنگاودا بڕیارياندا نرخی سووتەمەنی بە شێوەیەكی سەیر بەرز بكەنەوە. ئەو بڕیارە لەچەند ڕوویەكەوە دژ بە بەرژەوەندی خەڵك وەرگیراوە. گەل خاوەنی سەروەت‌و سامانە نیشتیمانییەكانە نەك تەنیا دەستەڵاتدارو فەرمانڕەوایان.ئەگەرحكومەت بۆ بەرێوەبەردن و هەڵسوڕاندنی كاروبارەكانی خۆی بوجەیەك دیاری بكات و لەداهاتی نیشتیمانی هەڵیبگرێ ، بەهەمان شێوەش دانیشتوان بۆ بژێوی ڕۆژانەیان پێویستیان بەوە هەیە داهاتێكی دیاریكراویان هەبێ و لەلایەن وەزارەتی دارایی و پلان دانان و كابینەی حكومەتەوە بەراوردێك بۆئەوە كرابێ كە داهاتی تاكە كانی كۆمەڵ لە سەر فیاتی ڕۆژانەی زۆرترە و خێزانەكان پێویستیان بەوە نابێ پەنا بۆ گرێكاری ببەن .لەوڵاتێكیسەر دەریای نەوتدا نەك ڕەوا نییە نرخی سووتەمەنی بەرز بكرێتەوە ، بەڵكو وڵاتییان مافی خۆیانە نەوت بەخۆرایی وەربگرن و بەرهەمە نەوتییەكانی دیكەش بەنرخێكی ڕەمزی خەڵك بدرێن . ئەم بڕیارە نەك تەنیا بڕیارێكی هەڵەیە وبەس ، بەڵكو بڕیارێكە و دژ بەخواستی دانیشتوان وەر گیراوە و دەستدرێژیەكی ئاشكرای حكومەتً بۆ سەر مافی گەل. ئەمڕۆ وڵاتی عێراق بۆ خۆی لە گێژاوێكی گەورە شەپۆل دەدات ، لەئاكامی فەرمانڕەوایەتی ٤٠ ساڵەی حزبی بەعس ئەو وڵاتە بۆتە وێرانە . كاری تێكدەرانەی تیرۆڕًستەكانیش بوونەتە سەربارو وڵات بەرەو پوكانەوە پەلكێش دەكەن ، كەچی حكومەت لەجیاتی شوێنەواری كاولكاری بسرێتەوە و هەوڵی بەختەوەركردنی گەل بدات كەچی بە پێچەوانەوە ڕەفتار دەكًات و بژێوی خەڵك قورس و گرانتر دەكاتەوە .ئایا حكومەت تەنیا بۆفەرمانڕەوایێتی كردنە یا بۆخزمەت كردنی گەل و نیشتیمانە ؟؟!! .بەڵام لەوەتەی وڵاتێك بەناوی عێراق بەو سنوورەی ئێستایەوە بە پیلانیدەرەكی و دژ بەخواستی نەتەوەكان دروست كراوە ، ئەوەی جڵەوی فەرمانڕەوایەتی گرتبێتە دەست و لەسەر كورسی دەستەڵات لە بەغداد دانیشتبێ لە جیاًتی ئەوەی هەوڵی خۆشگوزەرانی و بەختەوەركردنی جەماوەری دابێ ، كەچی زۆر دڵڕەقانە دژ بە خواستەكانی گەل جوڵاوەتەوە و خەمی مانەوە و پاراستنی كورًسی هەبووە. بەرزكردنەوەی نرخی سووتەمەنی یەكەمین بڕیاری كابینەی جەعفەری نییە ، بەڵكو زۆر پیلانی دیكەش لەبن سەردایەو دەیەوًێ بە خشكەیی ئەنجامیان بدات . ئەو كابینەیە دەیەوێ بە خشكەیی شاری كەركوك زیاتر بە عەرەب بكات . بڕیاری دەركردن و خانە نشینكردنی فەرمانبەرانی كورد دەردەكات و بەبیانوێ دأمەزرانەوە عەرەب ڕەوانەی كەركوك دەكات .بڕیاری نهێنی هەیە تا دەزگای بێزراوی ئەمن و موخابەرات بۆ هەرێمی كوردستان بگێڕێتەوە . داوای داماڵینی چەكە قورسەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان دەكات . بەمەستی كۆنترۆڵكردنی سوپا هەوڵی لادان و دەركردنی ئەفسەرە كوردو سوننەكانی ناو وەزارتی بەرگری و سوپای تازە پێگرتووی عێراق دەدات .سەرباری ئەوەی زۆربەی بڕیارەكانی حكومەت لەلایەن جەماوەر ڕەت دەكرێنەوە . دژ بە بڕیاری بەرز كردنەوەی نرخی سووتەمەنی چەندین ڕێپێوان و خۆپێشاندان كران ، كەچی حكومەت نققەی . لەخۆی بڕیووە و وەڵا می گەل ناداتەوە. وەڵام نەدانەوەی گەل دەكەوێتە خانەی بێ نرخكردنی گەل‌و پیشتگوێ خستنی داواكانیان. ئەو حكومەتەی وەڵامی خواستەكانی گەل نەداتەوەو بە سۆزوو بەڵێنەكانی خۆی پێبەند نەبێ، تۆوی تاكڕەوی‌و دیكتاتۆری لەدەروونی دایەو لەداهاتوویەكی نزیكدا چەكەرە دەكات. بۆ ئەوەی گەل ڕێگە نەدات دیكتاتۆر بە دیكتاتۆرێكی دیكە بگۆڕدرێەوە، دەبێ هەوڵی لادان‌و هێنانە خوارەوەی ئەو فەرمانڕەوایانە بدات. بەلای ئێمەی كوردەوە گرینگ ئەوەیە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان بە توندی ئەو بڕیارەی حكومەتی بەغداد ڕەتبكاتەوە. ئەگەر حكومەتی هەرێم بڕیارەكە جێبەجێ بكات‌و هاوهەنگی لەگەڵ ئەو كابینەیەدا بكات كە دژ بە خواستەكانی جەماوەر بڕیار دەدات، ئەویش بەرپرسیار دەبێ‌و هەمان خوێندنەوەی حكومەتی بەغدادی پێدەبڕێت.

بە هۆی كەوتنە خوارەوەی فڕۆكەیەك ٢٣ كەس مردن

ئاژانسی هەواڵ ڕۆیتەرز: بەهۆی كەوتنە خوارەوەی فڕۆكەیەكی نەفەر هەڵگری (ئازەربایجان) ەوە هەموو سەرنیشەكانی كە ژمارەیان ٢٣ كەس بوو، گیانیان لەدەستدا. فڕۆكەكە لەجۆری (ئەنتۆنۆف - ١٤٠) بووەو لەگەشتێكدا لەشاری (باكۆ)ی پایتەختی ئازارەبایجانەوە بەرەو شاری (ئەكتۆ) ی كازاخستان هەڵدەفڕی، بەڵام دوای فڕینی بە ماوەیەكی كەم، لەدووری ١٥ كیلۆمەتر لەشاری باكۆوە كەوتۆتە خوارەوە، هەروەها لەفڕۆكەخانەی شاری ئەستەمبوڵی تورکیاش فڕۆكەیەكی نەفەر هەڵگری جۆری (بۆینگ - ٧٤٧) ی سەر بە هێڵی ئاسمانی پاشایەتی هۆڵەندا (كەی ئێڵ ئێم) خۆی بە فڕۆكەیەكی دیكەی سەر بەهێڵی ئاسمانی پۆڵۆنیا كێشاو زیان بە هەردوو فڕۆكەكە كەوت، لەڕووداوێكی دیكەشدا فڕۆكەیەكی بارهەڵگری سەر بە هێڵی ئاسمانی (لیۆن) بەهۆی كەوتنەوەی ئاگر تیایدا، بە ناچاری لەفڕۆكەخانەی (سەبیحە) ی شاری ئەستەمبوڵ نیشتەوە.

شاندێكی یەكێتی ئەوروپا سەردانی باكوری كوردستان دەكات

دوای ئەوەی دانیشتووانی ناوچەی شەمزینانی باكوری كوردستان بەرووی زۆرداری و ستەمەكانی ڕژێمی تورکیا ڕابەڕین، گرفتێكی گەورە بۆ ڕژێمی تورکیا دروست بوو. ئەیب ڕەجەب ئەردۆگان، سەرۆك وەزیرانی تورك بۆخۆی چووە ناوچەكەو لەگەڵ خەڵكی دەڤەرەكە دیداری كرد، دواتر شاندێكی ڕۆشنبیرانی تورکیا سەردانی ناوچەكەیان كردو لاگیرییان لەمافی ڕەوای كوردان كردو داوایان كرد كە زمانی كوردی بە فەرمی بناسرێ. بۆ لێكۆڵینەوە لەڕووداوەكانی ئەم دواییانەی باكوری كوردستان شاندێكی یەكێتی ئەوروپا كە لەسێ كەس پێكهاتبوون‌و بریتبوون لەسكرتێری دووەمی بالیۆزخانەی بەریتانیا لەئەنقەرەو سكرتێری دووەمی بالیۆزخانەی ئەڵمانیا لەئەنقەرەو نوێنەری سەرەكی كۆمیسیۆنی كاروباری سیاسی‌و مافی مرۆڤ (سەما كلچەر)، سەرەتا سەردانی ناوچەی شەمزینانیان كرد، دواتر چوونە ناوچەی گەڤەڕو پاشانیش ڕوویان لەناوچەی هەكاری كرد. شاندێكی یەكێتی ئەوروپا لەو ناوچانەدا چاویان بە بەرپرسانی شارەوانی‌و نوێنەرانی دانیشتووان كەوت‌و پرس‌و ڕاوێژیان پێكردن. وا چاوەڕوان دەكرێ دوای تەواوبوونی سەردانەكە، شاندەكە ڕاپۆرتێكی تایبەت بۆ كۆمیسیۆنی باڵای یەكێتی ئەوروپا سەبارەت بە ڕەوشی باكوری كوردستان‌و ڕووداوەكانی ئەم دواییانە بەرز بكاتەوە.